# شیکردنەوەی گەندەڵی پیشەیی لەژێر ڕۆشنایی تیۆرە سۆسیۆلۆجییەکاندا
## شیکردنەوەیەکی تیۆریی

**پ.ی.د.نجاة محمد فرج[1]، پ.ی.م توانا فەرەیدون حسێن[2]**

1زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان - بەشی کۆمەڵناسی

2 زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان - بەشی کۆمەڵناسی- خوێندکاری دکتۆرا

najat.faraj@univsul.edu.iq, twana.husein@univsul.edu.iq

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٠ پ.ی.د.نجاة محمد فرج، پ.ی.م توانا فەرەیدون حسێن

**خلاصة البحث**

يعد الفســـاد الوظيفي ظاهرة اجتماعية يقوم به الموظف أثناء أدائه بمهامه وواجباته المهنية الرســـمية من خلال إستغلال مكانته الوظيفية في سبيل تحقيق مكاسب ومصالح شخصية له،أو يصالح أفراد مقربين منه،فيما يترتب عليه الإنحراف من القوانين والتعليمات الإدارية.

ومن بين النظريات الإجتماعية المتعددة هناك نظريات تناولت مواضـــيع متعلقة ب(الأنظمة، الأنســـاق، الوظيفية، الدور، المكانة، الإرتباك الوظيفي والعلاقات الإجتماعية)..وغيرها في إطار مجموعة من المدارس الإجتماعية واســـتفاد منها البحث لأنها مرتبطة بأهداف البحث الا وهي تحليل ظاهرة الفساد الوظيفي من منظور النظريات الإجتماعية.

وحاولت هذا البحث إجراء تحليل نظري لظاهرة الفســـاد الوظيفي من خلال الاســـتفادة من النظريات الاجتماعية وتفســـيرها لغرض فهم ظاهرة الفســـاد الوظيفي وكيفية تكوينها وظهورها واعتمد البحث على مدرســـة البناء الوظيفي والتفاعل الرمزي ونظرية الدور،والنظريات تخدم الاهداف النظرية للبحث وتمكننا من اجراء تحليل دقيق للظاهرة المعنية.

**Research Summary**

Job corruption is a social phenomenon that is carried out by the employee in the performance of his duties and official professional duties through the exploitation of his job status in order to achieve personal gains and interests,or the rehabilitation of individuals close to him,resulting in deviation from the laws and administrative instructions.

Among the many social theories there are theories dealing with issues related to (systems, formats,functional,role,status,job confusion, social relations)...And others within the framework of a group of social schools and benefited from research because it is linked to the research objectives,The perspective of social theories.

This study attempts to conduct a theoretical analysis of the phenomenon of functional corruption through the use of social theories and their interpretation for the purpose of understanding the phenomenon of job corruption and how it is formed and its appearance.The research relied on the school of functional construction, symbolic interaction and theory of role.The theories serve the theoretical objectives of research and enable us to conduct a thorough analysis of the phenomenon concerned.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**پێشەکی:**

گەندەڵی پیشەیی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لە جیهاندا بڵاوەو هۆکاری جیاوازی هەیە ئەویش بەپێی سروشتی ژیانی کۆمەڵگاکان هەربۆیە پێویستــە چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە دیاری بکەین و بەپێی واقیعی کۆمەڵگاکەمان قســەی لەبارەوە بکەین.هەروەها کۆمەڵناســیی گرنگییەکی زۆری پێدەدات چونکە پەیوەندی هەیە بە شـێوانی ئەرکە پیشـەییەکانەوە لەناو دامەزراوەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگادا هەربۆیە کۆمەڵناسـی ڕێکخسـتن وەك لقێکی کۆمەڵناسی لەم بوارەدا گرنگی پێدەداو بە وردی لێکدانەوەی بۆ دەکات.

کۆمەڵناســان لەڕووی تیۆرییەوە گرنگییەکی زۆر بەم بابەتە دەدەن بۆ نموونە کۆمەڵناســێکی وەك (جیبز Gibbs) پێیوایە تیۆر دەربڕینی کۆمەڵێك لەو بابەتانەیە کە بەشــێوەیەکی لۆجیکی بەیەکەوە بەســتراون و،پەیوەندییەکی بەهێزیان بەیەکەوە هەیەو،پەیوەسـتن بە تایبەتمەندی کۆمەڵێك ڕوداو یاخود چەند شـتێکەوە.کەواتە تیۆر دیدێکە بۆ کۆمەڵێك تایبەتمەندی هاوبەش لەســەر بنەمای لۆجیك و پەیوەندییە ڕاڤەکارییەکانی نێوان دیاردەکان دروســت دەبێت[1]،هەربۆیە زانایانی کۆمەڵناسی بەرهەمێکی زۆریان پێشکەش کردوین کە خۆیان لەچەندین تیۆرو قوتابخانەی سۆسیۆلۆجیدا دەبیننەوە،ئەم تیۆرانە دەکرێ پشتیان پێ ببەستین و بابەتی توێژینەوەکەمان لە چوارچێوەی هەندێك لەو تیۆرانەدا دیاری بکەین کە پەیوەندیدارن پێیەوە.

لەلایەکی ترەوە هەریەك لە (ڕۆسـێنتال و یودینRosental and Yudin)وایدەبینن تیۆر سـیسـتمێکە لە مەعریفەی گشـتێنراو کە لێکدانەوە بۆ لایەنە جیاوازەکانی واقیع دەکات و پەیوەسـتە بە شـتەکان و زانسـتە جیاوازەکانەوە واتە هەر تیۆرێك یان سیستمێك چوارچێوەیەکی هزریی خۆی هەیەو بەگشتی سیستمێکی ئاڵۆزە[2].

زۆرن ئەو تیۆرە سـۆسـیۆلۆجییانەی شـیکردنەوەیان بۆ گەندەڵی پیشـەیی کردووەو باسـیان لەو هەڵەو ناڕێکییانە کردووە کە بەهۆی نواندنی ڕۆڵی نەگونجاوەوە لەپێگە کارگێڕییەکاندا دروست دەبێت و وەك گرفتێك دەردەکەوێت کە دواتر تیۆریزەکاران وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی باسی دەکەن و شیکاری سۆسیۆلۆجی بۆ دەکەن،کەواتە لەناو تیۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا بوونی ئەم تیۆرانە لە شــیکاری گەندەڵی پیشـــەییدا گرنگییەکی زۆری بۆ ئەم توێژینەوەیە هەیە چونکە پاڵپشت بەو تیۆرانە باس لە دیاردەکە دەکەین و شیکاری دەکەین.

گەندەڵی پیشــەیی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ناسـراوە بەتایبەت لەو کۆمەڵگایانەی هێشـتا بە دامەزراوە نەبوون و تازە گەشــەیان کردووە،بۆیە کۆمەڵێك تیۆری ســۆســیۆلۆجی هەن کە دەکرێ بۆ شــیکردنەوەی گەندەڵی پیشــەیی سوودیان لێ وەربگیرێت.

1شحاتة صيام،النظرية الاجتماعية من المرحلة الكلاسيكية الى مابعد الحداثة، مصر العربية للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى،القاهرة،٢٠٠٩،ص١٦ .

2عبدالله محمد عبدالرحمن،النظرية في علم الاجتماع،دار المعرفة الجامعية،القاهرة،٢٠٠٦،ص٦ .

## یەکەم: ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە:

### ١. کێشەی توێژینەوەکە The Problem of study:

گەندەڵی پیشـــەیی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو لە زۆرێك لە کۆمەڵگاکاندا قســـەی لەبارەوە دەکرێت،لەناو سـۆسـیۆلۆجیاشـدا تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان هەندێکیان گرنگییەکی زۆریان پێداوە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی،ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئەو تیۆرە سۆسیۆلۆجیانە بخاتەڕوو کە ئاماژەیان بۆ ئەم دیاردەیە کردووەو لێکدانەوەیان بۆ کردووە بۆ ئەوەی بەپشـــتبەســـتن بەدیدی تیۆرەکان بتوانین شـــیکارێکی تیۆری بۆ گەندەڵی پیشـــەیی بکەین و وەك گرفتێك و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لەبارەیەوە بدوێین و لەو توخمانە بدوێین کە هۆکاری ســـەرهەڵدانی گەندەڵین ئەویش بەسوودوەرگرتن بە دیدگای تیۆرەکانی سۆسیۆلۆجیا.

### ٢. گرنگی توێژینەوەکە The importance of study:

ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێك گرنگی هەیە لەوانە:

أ- شیکارکردنی دیاردەی گەندەڵی پیشەیی لەڕوانگەی تیۆرە سۆسیۆلۆجییەکانەوە.

ب- دەرخستنی گرنگیپێدانی تیۆرە سۆسیۆلۆجییەکان بە گەندەڵی پیشەیی.

ج- پێشــکەشــکردنی دیدو ســەرنجی زانایانی قوتابخانە جیاوازەکانی ســۆســیۆلۆجیا ســەبارەت بە گەندەڵی پیشەیی.

د- توێژینەوە لە توخمە پێکهێنەرەکانی گەندەڵی پیشەیی لەڕوانگەی تیۆرەکانی سۆسیۆلۆجیاوە.

### ٣. ئامانجەکانی توێژینەوەکە The Aims of study

أ- هەوڵدان بۆ شیکردنەوەی دیاردەی گەندەڵی پیشەیی بەپێی تیۆرە سۆسیۆلۆجییەکان.

ب- خستنەڕووی ئەو قوتابخانە سۆسیۆلۆجییانەی گرنگییان بە گەندەڵی پیشەیی داوە.

ج- هەوڵدان بۆ زانینی ڕاوبۆچوونی ئەو کۆمەڵناسانەی لەم بوارەدا کاریان کردووە.

د- هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی شیکارییەکی تیۆری سەبارەت بە گەندەڵی پیشەیی.

**٤. میتۆدی توێژینەوەکەResearch Methodology**: میتۆد شـــیکارییەکی ڕێکخراوە بۆ ئەو بنەماو پرۆســـە ئەقڵی و ئەزموونگەرییانەی کە لە توێژینەوەی زانستیدا بەکاردێت و ئامانج بەدەستهێنانی ئەنجامی زانستییە،هەروەها ئامرازێکە کە لە توێژینەوەی زانســـتیدا پشـــتی پێ دەبەســـترێت[1] .لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی مەکتەبیی بەکارهاتووە بەمەبەستی شیکارکردنی گەندەڵی پیشەیی لەڕێگەی تیۆرە سۆسیۆلۆجییەکانەوە.

### ٥. شیکردنەوەی گەندەڵی پیشەیی لەژێر ڕۆشنایی تیۆرە سۆسیۆلۆجییەکاندا:

لەم توێژینەوەیەدا هەریەك لە قوتابخانەی بونیادی ئەرکی و قوتابخانەی کارلێکی هێمایی و قوتابخانەی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە پێکدەهێنن کە تیایدا دیدوتێڕوانینی هەندێك لەو زانایانە دەخرێنەڕوو کە پەیوەستن بە توێژینەوەکەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم/ قوتابخانەی بونیادی ئەرکی Functional Structural Theory**

ڕیشەکانی قوتابخانەی بونیادی ئەرکی دەگەڕێتەوە بۆ هزری پۆزەتیڤیزم،هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە لە کاتێکدا باهۆزی پۆزەتیڤیزمی لەخۆیدا بزاوتێکی پشـــتگیریکار بووە لە زانســـت و دژی میتافیزیکای کلاســـیکی بووەو

---

1عبود عبدالله العسكري،منهجية البحث العلمي في العلوم الانسانية،دار النمير،الطبعة الثانية،٢٠٠٤ ،دمشق،ص١ .

پشتی لۆجیكی ئەزمونگەری گرتووە،مەبەستی لەمە گەیشتن بووە بە بیرۆكەی ئەو یاسایانەی كە راستی و دیاردە كۆمەڵایەتییەكان لەئاستیدا ملكەچ دەبن و تەنها ئەركی ئەوە نییە زانیاری سەبارەت بەو دیاردەیە كۆبكاتەوە،ئەم هزرە نكولی لە مەعریفەی دوائاست دەكات[1] .

لایەنگرانی ئەم تیۆرە لە توێژینەوە كۆمەڵایەتییەكانیاندا بۆ دیاردەكان پشت بەچەند چەمكێك دەبەستن لەوانە: سیستمی كۆمەڵایەتی، ئەرك،ئەرك شێوان Dysfunctional، پارێزگاری لە جۆر. لایەنگرانی ئەم تیۆرە وایدەبینن بارەكانی گۆڕانی كۆمەڵایەتی كتوپڕ دەبێتە هۆی دروستبونی شێوان لە هاوسەنگی سیستمدا،لەسەر ئەو گریمانەیەی كە هەر كۆمەڵگایەك لە سیستمێك پێكهاتووە كە بەشەكانی لەگەڵ یەكدا لەپێناو پارێزگاریكردن لە بەردەوامبونی ئەو سیستمە یەكتر تەواودەكەن.هەموو سیستمێك لەناو كۆی سیستمە گەورەكەدا ئەركێكی دیاریكراو جێبەجێدەكات، ئەگەر شێوانێك یان لادانێك لە ئەركی سیستمە لاوەكییەكاندا دروست ببێت ئەوا كاریگەری دەكاتە سەر هاوسەنگی و سەلامەتی سیستەمە گشتییەكە،دواتر ئەمەش دەبێتە هۆی دەركەوتنی كۆمەڵێك گیروگرفتی كۆمەڵایەتی لەناو واقیعی كۆمەڵگادا[2] .كەواتە ئەركگەرایی چوارچێوەیەكە بۆ بونیادنانی تیۆرێك كە پێیوایە كۆمەڵگا سیستمێكی ئاڵۆزەو بەشەكانی بەیەكەوە كار بۆ بەهێزبوون و هاوبەندی و سەقامگیری دەكەن[3] .

بەپێی بنەماكانی ئەم تیۆرە گەندەڵی پیشەیی یەكێكە لە دەرئەنجامەكانی شێوانی ئەرك لەناو سیستمەكانی كۆمەڵگادا چونكە تیایدا ئەرك و مافەكان لە باری سروشتی و هاوسەنگی لادەدەن و یاساكان ناتوانن جڵەوی سیستمەكان بكەن.

ئۆگست كۆنت Auguste Comte (١٧٩٨-١٨٥٧) پێیوایە كۆمەڵناسی لەدوو بابەتی سەرەكی دەكۆڵێتەوە ئەوانیش ستاتیكای كۆمەڵایەتی و دینامیكای كۆمەڵایەتییە.ستاتیكای كۆمەڵایەتی ئاماژە دەكات بۆ پێكهاتەی كۆمەڵایەتی نەگۆڕو مەودای هاوبەندی بەشەكانی كۆمەڵگا لەگەڵ یەكتردا،بەڵام دینامیكای كۆمەڵایەتی گرنگی دەدات بە گۆڕانە كۆمەڵایەتییەكان و سروشت و هۆكارو ئاراستەو پرۆسەكانی ململانێ كەوا كار بۆ لێكترازانی سیستمی كۆمەڵایەتی دەكات[1].

لەدیدی كۆنتدا سیستمی كۆمەڵایەتی بەپێی یاساكانی سروشت پێكدێت و لە پێكەوەگونجانی گشتیدا بەرجەستەدەبێت كە ئەویش بەستەرێكی پێویستە لەنێوان توخمەكانی كۆمەڵگاو ئەم پێكەوە گونجاوییە لەهەموو بوارەكانی ژیاندا هەیەو،هەموو كۆمەڵگای مرۆیی دەگرێتەوە،لەلایەكی ترەوە سیستەم ڕاستییەكی سەرەكییە لە ستاتیكادا،هەروەها پێشكەوتن ڕاستییەكی سەرەكییە لە دینامیكادا،هەربۆیە كۆنت بڕوای وایە سیستم و پێشكەوتن بەپەیوەندییەكی پتەو بەیەكەوە بەستراون و ناكرێت سیستمێكی كۆمەڵایەتی ڕاستەقینە دروست ببێت ئەگەر گونجاو نەبێت بۆ پێشكەوتن هەروەها ناكرێت پێشكەوتن بەردەوام بێت ئەگەر پشت بە سیستمێك نەبەستێت[2].

---

١- معن خليل عمر، نقد الفكر الاجتماعي المعاصر،دار الآفاق الجديدة،١٩٨٢،بيروت،ص٩٥.

٢- عبدالله أحمد المصراتي،الفساد الاداري:نحو نظرية في علم الاجتماع الجريمة والانحراف الاجتماعي،المكتب العربي الحديث ،٢٠١١،الاسكندرية،ص٤١.

3 John J.Macionis, and Ken Plummer,Sociology A Global Introduction, ,Pearson Prentice Hall,2005,United Kingdom,p8.

٤ فهمي سليم الغزوي،المدخل الى علم الاجتماع،دار الشروق،الطبعة الاولى،١٩٩٧،عمان،ص٣٨.

نيقولا تيماشيف،نظرية علم الاجتماع طبيعتها وتطورها،دار المعارف،١٩٨٠،القاهرة،ص٥٣-٥٤ .

کۆنت بڕوای وایە گرنگترین تایبەتمەندی کە کۆمەڵگای مرۆیی جیادەکاتەوە بریتییە لەوەی خاوەنی سروشتێکی سیستماتیکە Systemic،کۆمەڵگا وەك سیستمێك دروست بووە کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك توخم و بەشی پێکەوەبەستوو تێکهەڵکێش و پێکەوە گرێدراو،کۆمەڵگا ئەو شتەیە کە تاکەکان تێپەڕدەکات،بەتەنها بریتی نییە لە کۆی تاکەکانی،هەموو تاکەکان و سەرجەم کردەکانیان لەسەر هەموو ئاستە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان ناتوانرێت لێی تێ بگەین مەگەر تەنها لەچوارچێوەی ئەو کۆمەڵگایەدا بێت کە تیایدا دەژین[3].

ئەو بنەمایانەی کۆنت باسی کردون مەرجێکی سەرەکین بۆ بەدەستهێنانی سیستمێکی کۆمەڵایەتی تەندروست و دوور لە گەندەڵی پیشەیی چونکە کۆنت گرنگی بە سیستم و پێشکەوتن دەدات کە هەردوکیان تەواوکەری یەکترن،لە ئەگەری نەبوونی یەکێکیاندا گەندەڵی پیشەیی دروست دەبێت چونکە پێشکەوتن مەرجی سەرەکی نییە ئەگەر سیستمێك لە دوایەوە نەبێت هەربۆیە ناتەواوی لە کاروبارە پیشەییەکاندا گەندەڵی دروست دەکات و سیستمی کۆمەڵایەتی توشی نەخۆشی دەکات چونکە گەندەڵی بەرهەمی نەبوونی سیستمێکی تۆکمەو بەهێزە بۆ ڕێکخستنی بونیادی کۆمەڵایەتی.

لەلایەکی ترەوە تالکۆت پارسۆنز Talcott Parsons (١٩٠٢-١٩٧٩) وایدەبینێت هەموو ڕووکارەکانی نەبوونی تەواوکردن لەناو سیستمدا لادانن لە چوارچێوەو پێوانەکان،دواتر پێویستە سیستم کۆمەڵێك پرۆسەی ڕاگر ئاراستەی بکرێن بۆ ئەوەی هاوسەنگی بۆ بگەڕێتەوە،ئەمەش لە پێناسەی پارسۆنزدا بۆ لادان دەردەکەوێت کە دەڵێت (ویستێکی پاڵنەرانەیە لەلای بکەر چونکە ڕێگەیەکی پێچەوانە دەگرێتەبەر کە دژە لەگەڵ شێوە پێوانەییەکانی سیستمدا،یان ڕەفتارێکە هەوڵدەدات بۆ ڕودانی تەنگژە لە هاوسەنگی پرۆسەکانی کارلێککردندا). لەبەرامبەر ڕەفتاری لادانکاریدا سیستم کۆمەڵێك پرۆسە دروست دەکات و ئاراستەی ڕەفتارە لادەرەکەی دەکات،پارسۆنز لە دوو پرۆسەدا دەیخاتەڕوو: یەکەم پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و کلتور، دووەم پرۆسەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی[1].

سیستمە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکن لەو تەوەرە سەرەکییانەی لەو توێژینەوانەدا هەیە کە پارسۆنز ئەنجامیداوە،بەئەندازەیەك هەندێك پێیانوایە پارسۆنز بیرۆکەی (کردەی کۆمەڵایەتی) بە جێ بایەخی سەرەکی لە کۆمەڵناسیدا داناوە،پێیوایە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان گرنگترین بابەتن لە توێژینەوەی کۆمەڵناسیدا[2].

لەلایەکی ترەوە پێیوایە دوو جۆری سەرەکی پێویست بۆ چاککردنەوەی هاوسەنگی سیستم هەیە،لە تیۆری کاردا پێی دەگوترێت (دیاریکردن و تەواوکردن)،دیاریکردن ئەو پرۆسانە دەگرێتەوە کە دابەشکردنی پێکهاتەکان یان بەشەکانی سیستم پارێزگارییان لێدەکات کە هاوڕایە لەگەڵ پارێزگاریکردن لە دۆخێکی دیاریکراو لە هاوسەنگیدا،تەواوکردنیش مەبەست لەو پرۆسانەیە کە پەیوەندییەکان لەگەڵ ژینگەدا ڕێکدەخات،ئەم ڕێگەیە پارێزگاری لە سیستم دەکات وەك ئۆرگانێك لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گۆڕانکارییانەی لە دەرەوەی هەڵوێستەکەدا ڕوودەدەن[3].

یەکێك لەو بابەتە سەرەکییانەی پارسۆنز گرنگییەکی زۆری پێداوە بابەتی دروستبونی سیستم یاخود دامەزراوەیە Institution. شیکاری بونیادی ئەرکی لەدیدی پارسۆنزدا چارەسەرێکی میتۆدییە بۆ پێگەو ڕۆڵی ئەو بکەرانەی

عبدالله شلبي،علم الاجتماع الاتجاهات النظرية وأساليب البحث،دار الشمس،٢٠٠٨،القاهرة،ص٨٦.

أحمد زايد،علم الاجتماع النظريات الكلاسيكية والنقدية،نهضة مصر،الطبعة الثانية،٢٠٠٩ ،القاهرة،ص١١٧.

صلاح مصطفى الفوال،معالم الفكر السوسيولوجي المعاصر،دار الفكر العربي،١٩٨٢،القاهرة،ص١٦٣ .

3 Talcott parsons,The Social System,routledge sociology classics,1951,London,p108.

دەکەونە هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە،هەروەها ئەو شێوازە ڕێکخراوەییانەی ئەو هەڵوێستە لەخۆی دەگرێت.چەمکی پێگە ئاماژە بۆ شوێنی پێگەی بکەر دەکات لە سیستمی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا کە وەك بونیادێك سەیری دەکرێت،لەلایەکی ترەوە ڕۆڵیش بەهیچ جۆرێك لە پێگە جیانابێتەوەو ئاماژە بۆ لایەنی بزاوتنی پێگە دەکات.ئەگەر لە چوارچێوەی گرنگی ئەرکگەراییدا بۆ سیستمی کۆمەڵایەتی سەیری ئەم ڕەفتارە بکەین ئەوا چەمکی ڕۆڵ و پێگە ئاماژە بۆ ڕەفتاری بکەر دەکەن لە پەیوەندیدا بەوانی ترەوە[4] .

پارسۆنز وایدەبینێت کردە لەو بونیادو پرۆسانە پێکدێت کە بونەوەرە مرۆییەکان بەیارمەتی چەند مەبەستێکی دیاریکراو ئەنجامی دەدەن ئیتر ئەو کردانە هەندێ کەمتر یان زیاتر لە سەرکەوتنەوە نزیکن و وایدادەنێت پۆلێنی سیستەمە لاوەکییەکان بۆ کردەی مرۆیی بریتین لە پێکهاتەی ئۆرگانی،کەسێتی،سیستمی کۆمەڵایەتی،سیستمی کلتوری.دەکرێت وەك نموونەیەکی گشتی لە درێژبوونەوەی بواری کردەدا بەکاربهێنرێت،ئەم نموونەیە هەر سیستمێك لەسەر بنەمای ئەم چوار دەستەیە پۆلێن دەکات: یەکەم ئەوانەی پەیوەستن بە پارێزگاریکردن لە بەرزترین نموونەکانی کۆنترۆڵکردنی جۆرەکانی سیستم،دووەم تەواوکاری ناوخۆیی بۆ سیستم، سێیەم ئاراستەی نموونەکە بەرەو بەدەستهێنانی ئامانجەکان و پەیوەندی بە ژینگەکەیەوە،چوارەم گونجانی گشتگیری زیاتر لەگەڵ بارودۆخی گشتی ژینگەدا[1].

بەپێی تیۆری پارسۆنز کۆمەڵگا کۆمەڵێك سیستمە کە بەشێوەیەکی ئەرکگەرایی یەکتر تەواودەکەن و پێویستی ئاڵوگۆڕ لەنێوانیاندا هەیە بۆ تەواوکردنی ئەرکەکانی کۆمەڵگا،بۆ نموونە پەروەردە وەك یەکێك لە سیستمەکانی کۆمەڵگا کۆمەڵێك ئەرکی گرنگی لەسەرشانە کە ئەنجامی بدات بۆ ئەوەی نەوەیەکی تەندروست بۆ کۆمەڵگا ئامادەبکات لەهەمانکاتیشدا کۆمەڵێك مافی هەیە کە دەبێت پارێزراوبن و دەستکاری نەکرێن بۆ ئەوەی پاڵنەری کارکردن لای ئەم کەرتە گرنگە لاواز نەکات چونکە بە لاوازبونی پاڵنەری کارکردن گەندەڵی پیشەیی لەناویدا بڵاودەبێتەوەو یاساکان ناتوانن کاری خۆیان بکەن بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکان و،دواتر خزمەتی ئەم کەرتە لەناو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا لێهاتوویی و توانستی فەرمانبەرەکانی لەئاستی پێویستدا نابن.

ئالێرەدا ڕۆبەرت میرتۆن Robert Merton (١٩١٠-٢٠٠٣) کە یەکێکە لە زانایانی بونیادی ئەرکی،میتۆدی کارکردنی لەبواری لێکچواندنی ئۆرگانیدا بەکارنەهێناوە،بەڵکو دیدێکی تیۆری گرنگی پێشکەشکردووە کە خۆی لە پەرەپێدانی تیۆری مەودا مامناوەنددا بینیوەتەوە.ئەم تیۆرە لە شیکاری ڕێکخستندا لەسەر سێ چەمك و دژەکەی دروست دەبێت ئەوانیش: ١- ئەرکە شاراوەکان یان بێ مەبەستەکان لەبەرامبەر ئەرکە دیارەکان ٢- بەربەستە ئەرکییەکان لەبەرامبەر ئەرکەکاندا ٣- جێگرەوە ئەرکییەکان لەبەرامبەر ئەو گریمانە کلاسیکییەی کە دەڵێت هەر کۆمەڵگایەك بەشێوەیەکی لێهاتوو ناتوانێت ئەرکەکانی بنوێنێت ئەگەر لەژێر سێبەری شێوازە نوێیەکانی پەیوەندییەکاندا بێت[2] .

میرتۆن پێیوایە چەمکی ئەرك شێوان کە چەمکی کرژی و فشارەکان دەگرێتەوە لەسەر ئاستی بونیاد، دەروازەیەکی شیکاری فەراهەم دەکات بۆ توێژینەوەی بزاوتن و گۆڕان.هەروەها وایدەبینێت چەمکی ئەرك شێوان ئەو کردەیەیە کە

---

خضر زكريا،نظريات سوسيولوجية،الاهالي للطباعة والنشر والتوزيع،الطبعة الاولى،١٩٩٨،دمشق،ص٢٠٦.

بوتومور،علم الاجتماع منظور اجتماعي نقدي،دار المعرفة الجامعية،١٩٨٥،الاسكندرية،ص٣٧.

اعتماد محمد علام،دراسات في علم الاجتماع التنظيمي،مكتبة الانجلو المصرية،الطبعة الاولى،١٩٩٤،القاهرة،ص١٥٩ . 2

دەبێتە هۆی لێکترازانی سەقامگیری سیستەم بەڵام لەکۆتاییدا بەهێزی دەکات.ئەرك شێوان بە پاڵنەری پەرەسەندن دانانرێت بۆیە لە جێگیریی ئەرکێتی کەم ناکاتەوە،ئەنجامی کۆتایی لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە ئەرکێتی سیستمەکان لە دۆخی هاوسەنگیدا دەبینێت[3].

میرتۆن ئاسەوارەکانی توخمە نموونەییەکان بۆ سێ جۆر پۆلێن دەکات: ١- هەرشتێك یارمەتی سیستمی کۆمەڵایەتی بدات بۆ گونجان لەگەڵ داواکاری یاخود بەرەنگارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا کە پێی دەگوترێ (ئەرك Function). ٢-هەرشتێك یارمەتی سیستمی کۆمەڵایەتی نەدات بۆ گونجان پێی دەگوترێ (کەموکورتی ئەرکەکان Dysfunctions). ٣-ئەوانەی پەیوەندییان بە بابەتی گونجانەوە نیە[1].

ئەو بنەمایانەی میرتۆن ئاماژەی بۆ کردون دەکرێ لەوەدا سودی لێوەربگرین کە هەریەك لە چەمکی ئەرك و ئەرك شێوان لەم توێژینەوەیەدا پەیوەندییەکی زۆریان بە گەندەڵی پیشەییەوە هەیە چونکە گەندەڵی پیشەیی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەرئەنجامی ئەرك شێوانی فەرمانبەرە لە ئاست پێگە پیشەییەکەیدا ئەویش لەبەر جێبەجێ نەکردنی ئەرکەکانی و فەرامۆشکردن و پشتگوێخستنی بۆ کاتێکی تر،لێرەدا دەبینین گەندەڵی پیشەیی مانای کەموکورتییە لە نواندنی ئەرکەکاندا کە دواجار نەك یارمەتی سیستمی کۆمەڵایەتی نادات بەڵکو شکان و دابڕان دروست دەکات.

هەر لە سەروبەندی تیۆرە سۆسیۆلۆجییەکاندا ماکس ڤیبەرMax Weber(١٨٦٤-١٩٢٠) نموونەیەکی ئایدیالی پێشکەشکردوە بەناوی سیستمی بیرۆکراسی،ئەم سیستمە خاڵی دەسپێکە لەلای زۆربەی توێژەرانی بواری ڕێکخستن کە تیایدا ئامرازی میتۆدییان لە گەیشتن بە زانیارییەکانی پەیوەست بە بونیادو تایبەتمەندییەکانی بیرۆکراسی بەکارهێناوە،نموونەی ئایدیالی ڕووبەڕووی زۆرێك لە گۆڕین و ڕەخنە بووەتەوە کە دەکرێت لێرەدا بەکورتی تایبەتمەندییەکانی لەدیدی ڤیبەردا بخەینەڕوو:

١- دابەشکردنی کارەکانی ڕێکخراو لەنێوان تاکەکاندا ئەرکی فەرمین.

٢- ئەرکەکان لەناو ڕێکخراودا لەسەر بنەمای بونیادی دەسەڵاتی پلەبەندی دابەش دەکرێن.

٣- بونی سیستمێکی فەرمی بۆ یاساکان کە کۆنترۆڵی کردارو بڕیارەکان دەکات و بەردەوامی لەکاردا دەستەبەر دەکات[2].

٤- جیاکاری لەنێوان خاوەندارێتی و بەڕێوەبردندا دەکات، هەروەها چالاکی فەرمی فەرمانبەر لە ژیانی تایبەتی جیادەکاتەوەو پارەو ماڵ و ئامرازە گشتییەکان لە کەلوپەلە تایبەتییەکانی فەرمانبەر جیادەکاتەوە.

٥- داوای مەشقێکی تایبەتمەند دەکات کە بەسەر بەڕێوەبەرە جێبەجێکارەکاندا دەیچەسپێنێت هەروەك چۆن بەسەر فەرمانبەرەکاندا دەیچەسپێنێت.

٦- داوا لە فەرمانبەر دەکات بەوپەڕی توانای خۆیەوە کار بکات بێ گوێدانە ئەو کاتەی بۆی دیاریکراوە.

٧- پێویستە لەسەر فەرمانبەر ئەرکەکەی نەقۆزێتەوە یاخود خزمەتگوزاری لەگەڵ هاوکارەکانیدا نەگۆڕێتەوە.

---

3 أحمد القصير،منهجية علم الاجتماع بين الماركسية والوظيفية والبنيوية،الهيئة المصرية العامة للكتاب،١٩٧٨، القاهرة،ص١٠٨.

1 ف.ج رايت،مبادىء علم الاجتماع،دار الحداثة،مكتبة مدبولي،١٩٩٦،القاهرة،ص٣٩.

2 محمد علي محمد،علم اجتماع التنظيم،دارالكتب الجامعية،١٩٧٢،القاهرة،ص٨٠-٨١.

٨- فەرمانبەر بەدرێژایی ژیانی لەناو بیرۆکراسیەتی گشتی و تایبەتیدا دەژی،جگە لەمەش ئاماژە بۆ ئەوە ناکات کە فەرمانبەر مافی بەخاوەنبوونی پیشەکەی هەبێت،هەروەها هەندێ دەسکەوتی یاسایی بەدەست دەهێنێت کە لە گواستنەوە یان دەست لەکار هەڵگرتنی زۆرەملێی دەیپارێزێت[1].

٩- تاکەکەس ئازادییەکی تایبەتی هەیە بەڵام گوێڕایەڵی و ڕێزگرتن بۆ دەسەڵات دەبێت بەپێی یاسا ناکەسییەکان بێت.

١٠- پەیوەندی ڕێکخراو بە تاکەکەوە ڕوون و دیاریکراوەو،بەپێی سیستمێکی زنجیرەیی ناوخۆیی ڕێکخراوەکەیە،هەروەها بارودۆخی تاك بەپێی ئەو پێگە پیشەیی و کارگێڕییە دەبێت کە دەینوێنێت.

١١- فەرمانبەر دوورە لە گرێبەستی کەسیی و پەیوەندی کەسیی لەناو کارکردندا.

١٢- فەرمانبەر وەك تاکێك هەڵسوکەوت دەکات.

١٣- فەرمانبەران بەپێی بنەمایەکی پۆلێنکردنی تایبەتمەند دیاری دەکرێن،وەك کرێکار،یان ئەوانەی خاوەنی بڕوانامەن یاخود خاوەنی شارەزایی هونەری یان هەردووکیان.

١٤- هەموو فەرمانبەرێك موچەیەکی دیاریکراوی هەیە،بەپێی توانا و لێهاتوویی و پێگەی پیشەیی ناوخۆیی نەك بەپێی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی.

١٥- ڕیزبەندی فەرمانبەران بەپێی پیشە دەبێت،بەپێی سیستمێکی دیاریکراو دەبێت کە پێی دەگوترێت (پێشتری Seniority) یان بەدەستهێنان یاخود هەردووکیان[2].

بەپێی تیۆری بیرۆکراسی لای ماکس ڤیبەر فەرمانبەر مافی خۆیەتی شایستەو مافەکانی بۆ دابین بکرێت و لەهەمانکاتدا ئەرکەکانی بەتەواوی جێبەجێ بکات بۆ ئەوەی کێشەو کەموکورتی لە کارەکاندا دروست نەبێت،یەکێك لەو هۆکارانەی گەندەڵی پیشەیی دروست دەکات نەبوونی لێپرسینەوەو سزایە لەسەر فەرمانبەران سەبارەت بە کاتی کارکردن و ئامادەبوونیان و نواندنی ئەرکەکانی سەرشانیان وەك ئەوەی بۆیان دیاری کراوە، لەهەمانکاتدا پێنەدانی موچەی کارەکانیانە کە وادەکات فەرمانبەر حەزی بۆ کارەکەی نەمێنێت و بە ویستی خۆی دەوام بکات نەك وەك ئەوەی یاسا بۆی داناوە،کەواتە سوودی تیۆری بیرۆکراسی ئەوەیە ئەرك و ماف لەبەرامبەر یەك دادەنێت و فەرمانبەر ناچاردەکات یاساکانی کار جێبەجێ بکات و لە بەرامبەردا مافی خۆی وەربگرێت.

کۆمەڵناسی ئەمریکی وایت باك White Bakke (١٩٠٣-١٩٧١) پۆلێنێکی بۆ جۆرەکانی ڕێکخستنی فەرمی لە کۆمەڵگای نوێدا پێشکەشکردوە،بۆیە ئەمە لە هزری ڕێکخراودا پاڵی نا بە بیرمەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە چەند ئاراستەیەکی جیاواز لە بۆچوونەکانی بخەنەڕوو:

١- ئاراستەکانی تیۆریزەکردنی تایبەت بە توێژینەوەی چەمکی کۆنترۆڵ لەناو ڕێکخراوی فەرمیدا.

٢- ئاراستەکانی تیۆریزەکردنی تایبەت بە چۆنیەتی بڕیاردان لەلایەن ناوەندە پیشەییە جیاوازەکان و کاریگەری لەسەر ئاراستەکردنی ڕەفتاری ئەندامانی ڕێکخستن.

---

1 طلعت ابراهيم لطفي،علم اجتماع التنظيم،دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع،٢٠٠٧،القاهرة،ص٤٠ .

2 عبدالله محمد عبدالرحمن،علم الاجتماع الصناعي،دار النهضة العربية،١٩٩٩،بيروت،ص١٤٦.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٣- ئاراستەکانی تیۆریزەکردنی تایبەت بە توێژینەوەی جیاوازییەکانی نێوان ئەندامانی ڕێکخراو و سیاسەتی ئامانجەکانی ڕێکخراو.

٤- ئاراستەکانی تیۆریزەکردنی تایبەت بە ڕێکخراوە کرێکاری و بەرهەمدارییە دابەشکارییەکان (واتە دابەشکردنی بەرهەم).

٥- ئاراستەکانی تیۆریزەکردنی تایبەت بە ڕێکخراوە بیرۆکراسییە کاریگەرەکان بە هزری ماکس ڤێبەر.

٦- ئاراستەکانی تیۆریزەکردنی تایبەت بە ڕێکخراوەکان لەپێناو توێژینەوەی ڕەفتاری مرۆیی لەناو ڕێکخراوەکاندا[1].

لەپەیوەندیدا بە توێژینەوەکەمانەوە ئەم چەند خاڵەی خرانەڕوو ئاماژەی بۆ چەند بابەتێك کردووە لەوانە کۆنترۆڵ،بڕیاردان،جیاوازییەکانی نێوان ئەندامانی ڕێکخراو،ڕێکخراوە بیرۆکراسییەکان.ئەمانە پەیوەندییان هەیە بە توێژینەوەکەمانەوە چونکە گەندەڵی پیشەیی لەئاکامی نەبوونی لێپرسینەوە لە ناوەندی کاردا دروست دەبێت هەروەها هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی فەرمانبەران ئەویش بە بەرزکردنەوەی موچە نزمەکان و کەمکردنەوەی موچە بەرزەکان کە دواجار هانی کارکردنی زیاتری فەرمانبەرە تازە دامەزراوەکان دەدات کارەکانیان بە دڵسۆزی ئەنجام بدەن،لە کۆتاییدا ڕێکخراوە بیرۆکراسییەکانیش مەبەست لەوانەیە کە بەیاسا کارەکانیان ڕێکخستووەو ئەرك لەبەرامبەر مافدا دیاریکراوەو سزا لە بەرامبەر پاداشتدا دانراوە.

میللەر و فۆرم (Delbert C.Miller and William H.Form)ئەم دوو زانایە جەخت لە گرنگی توێژینەوەی زانستی دەکەنەوە لە کۆمەڵناسی پیشەسازیدا سەبارەت بە گواستنەوە لە پەتییەوە(المجرد) بۆ واقیع،واتە لە شیکارو وەسفی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ شیکاری پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکان لەنێوان سیستمە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتاری تاکەکەسی و بەکۆمەڵی و واقیعی.لەگەڵ بەهەند وەرگرتنی کۆمەڵێك هۆکاری تردا وەك هۆکارەکانی دانیشتوان،کلتور،ژینگە هەریەك لەمانە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە پێکهێنانی ڕەفتاری تاکەکەس و ڕێکخراو بۆ دامەزراوەکان و ڕێکخراوە بەرهەمدارییەکان بەگشتی،میللەر و هاوڕێکەی جەخت دەکەنە سەر گرنگی وەرگرتنی توێژینەوەی یەکە سۆسیۆلۆجییە گەورەکان Macro Sociology، پاشان دوای ئەمە گواستنەوە بۆ توێژینەوەی یەکە سۆسیۆلۆجییە بچوکەکان Micro Sociology، ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی دوو دەروازەی سەرەکییەوە دەبێت ئەوانیش:

یەکەم/ دەروازەی بونیادی ئەرکێتی: گرنگی دەدات بە توێژینەوەی چۆنیەتی کاریگەری یەکەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی لەسەر تاکەکان،ئەمەش هەریەك لە توێژینەوەی مێژوو بەهاکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و ئامانجە ڕێکخراوەییەکان و لێکدراوی ڕێکخراوەیی دەگرێتەوە.

دووەم/ دەروازەی سیستمی کۆمەڵایەتی:جەخت دەکاتە سەر توێژینەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاڵوگۆڕەکان لە دامەزراوەو ڕێکخراوەکاندا،هەروەها توێژینەوە لەو ڕۆڵە ڕێکخراوەیی و کۆمەڵایەتییانەی کرێکاران بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامی دەدەن[1].

گەندەڵی پیشەیی لەدیدی ئەم دوو زانایەوە دوو ڕەهەند دەگرێتەوە یەکەمیان لە پەیوەندیدا بە سیستمەکان خۆیانەوە،دووەمیان لە پەیوەندیدا بە سیستمەکە لەگەڵ فەرمانبەرەکانیدا،سەبارەت بە پەیوەندی نێوان سیستمەکان

---

1 معن خليل عمر، نقد الفكر الاجتماعي المعاصر،سەرچاوەی پێشوو،لا٢٧٠.

1 عبدالله محمد عبدالرحمن،علم الاجتماع الصناعي،سەرچاوەی پێشوو،لا١٦٨ .

دەبینین سیستمە کۆمەڵایەتییەکان هەموویان بەیەکەوە بەستراون و کاریگەری لەسەر یەکتر دروست دەکەن بەتایبەت سیستمی سیاسی کاریگەری لەسەر تەواوی سیستمەکانی تر دروست دەکات چونکە خاوەنی بڕیارەو چارەنوسی میللەت لەژێردەستیدایە.

ئەمیتای ئیتزیۆنی (Amitai Etzioni) (١٩٢٩)لە شیکارییە ڕێکخراوەییەکاندا جەخت لە پێداویستییەك دەکات کە پێیدەگوترێت تیۆرە مەودا مامناوەندەکان،ئەم زانایە کۆکردنەوەی کردووە لەنێوان ئاستەکانی شیکاری تیۆری پەتی لە بواری ڕێکخراوەکان و ئەو توێژینەوانەی گرنگییان بە باری تاکەکەسی یان یەك یاردەی ڕێکخراو داوە،ئیتزیۆنی بیرۆکەکانی لە توێژینەوەو شیکاری ڕێکخراوە ئابوری و پیشەسازییە جیاوازەکاندا بەکارهێناوە،هەروەها هەوڵیداوە گرنگی بە توێژینەوەی ئەم بیرۆکانە بدات کاتێك توێژینەوەی لەسەر زۆرێك لە دامەزراوە فێرکارییەکان کردووە وەك قوتابخانەکان و زانکۆکان و هیتریش.

پێناسەی ڕێکخراو لەلای ئەمیتای ئیتزیۆنی:یەکەیەکی کۆمەڵایەتییە لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجێکی دیاریکراودا دروست دەبێت،ئەم یەکانە هەریەك لە کۆمەڵەکانی هاوڕێیان و خێزان ناگرێتەوە چونکە لەچوارچێوەی ڕێکخراوەکاندا پۆلێن ناکرێن،بەڵام سەرجەم جۆرەکانی دامەزراوەکانی تر دەکەونە بازنەی ڕێکخراوەوە،ئیتزیۆنی پێیوایە ڕێکخراو لەسەر ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە پێکدێت:

١- کاردابەشکردن و دەسەڵات
٢- بوونی چەندین ناوەندی بڕیاردان
٣- ئاڵوگۆڕی فەرمانبەران

ئیتزیۆنی ئاماژە بۆ بوونی پەیوەندییەکی بەهێز دەکات لەنێوان پێداویستییە ئەرکێتییەکان بۆ ڕێکخراو و پێداویستییەکانی تاکەکان ئەمەش لەڕێی جۆری لێهاتوویی و توانست و کارایی و بەدەستهێنان و تێرکردنی گشتییەوە بەدی دێت لای هەموو تاکەکان و ڕێکخراوەکە بەیەکەوە،ئەمە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا جێبەجێ دەبێت کە خاوەنی یاسای کۆنترۆڵکەرە لەپێناو سەرکەوتنی ڕێکخراوەکان لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی و زیادبونی کارایی و توانستەکانیداو بوونی چەندین پۆلێنکاری بۆ توخمەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کە خاوەنی ڕەهەندی شیکاری ئاشکران لەوانە:فیزیکی و مادی و هێمایی.ئەم توخمانە دەکرێ بەپێی ئەو دۆخە ئیداری و پێگە ڕێکخراوەییە دیاری بکرێت کە تاکەکەس دەیگێڕێت[1].

ئیتزیۆنی گرنگی چەمکی باڵادەستبون لەلایەن ڕێکخراوی فەرمییەوە لە کۆمەڵگا نوێیەکاندا دەردەخات بەوەی کە پێداویستییەکانی ڕێکخراو و پێداویستی تاکەکان تەواوکەری یەکترن و پەیوەندیدارن بەیەکەوە ئەمەش تەنها لەڕێگەی بوونی باڵادەستبونێکی ڕێکخراوەییەوە دەستەبەردەبێت(واتە بەڕێوەبردنێکی توندوتۆڵ بۆ ڕێکخراو هەروەها بوونی هەماهەنگی لەناویدا) ئەگەر نا ئەوا لێکدان و ململانێ و ناکۆکی جێگەی تەواوکاری و هاوکاری دەگرێتەوە.واتە ڕێکخراو لەمیانەی دانانی یاسا سەرەکییەکانەوە بۆ سیستمی پاداشت و یاسای تایبەت بە سزادان دەتوانێت پرۆسەی کۆنترۆڵکردن جێبەجێ بکات.یەکەمیان تایبەتە بەو ئەندامانەی فەرمانەکانی ڕێکخراو جێبەجێ دەکەن و خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن و لە چالاکییەکانیدا بەشداری دەکەن،سیستمی دووەمیش تایبەتە بەو

---

1 عبدالله محمد عبدالرحمن،علم الاجتماع الصناعي،سەرچاوەی پێشوو،ل١٧٢.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

تاکانەی لادەدەن لە جێبەجێکردنی یاساکان و سیستمەکان و بەشداری ناکەن لە چالاکییەکانیدا.لەمیانەی ئەم دوو سیستمەوە (سیستمی پاداشت و سیستمی سزادان) ڕێکخراو دەتوانێت سیستمی باڵادەستبوون بسەپێنێت بەسەر ئەندامەکانیداو لەهەمانکاتدا دەتوانێت پێداویستییەکانی خۆی و تاکەکانی پڕبکاتەوە[2].

ئیتزیۆنی جیاکاری لەنێوان دوو جۆر ڕێکخراودا دەکات یەکەم پێیدەگوترێت ڕێکخراوە سروشتییەکان وەك خێزان و کۆمەڵە نەژادی و نەتەوەیییەکان و کۆمەڵگەی خۆجێی. ڕێکخراوەکانی دووەمیش پێیان دەگوترێت ڕێکخراوە جیاوازەکان یان داهێنەرەکان وەك ڕێکخراوە بیرۆکراسییەکان و کۆمپانیاکان و سەندیکاکان و پارتە سیاسییەکان.بەڵام جۆرەکانی کۆنترۆڵی ڕێکخراوەیی لای ئیتزیۆنی پۆلێن دەکرێت بۆ سێ جۆری سەرەکی ئەوانیش:

١- کۆنترۆڵی جەستەیی:بەواتای ئازاردانی جەستەیی یان بێبەش بوونی سۆزداری دێت کە ڕێکخراوە فەرمییەکان پیادەی دەکەن وەك بەندیخانەکان.

٢- کۆنترۆڵی دارایی:مەبەست پێشکەشکردنی پاداشت و سزای دارایی و هاندانی ماددییە کە کارگەکان و کۆمپانیاکانی بیمەکردن جێبەجێی دەکەن.

٣- کۆنترۆڵی هێمایی:پیادەی ئازاردانی جەستەیی یاخود پاداشت یان سزای ماددی ناکات بەڵکو پایەو ناوبانگی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنێت وەك ئامرازێك بۆ لەخشتەبردن و ترساندن لەپێناو کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردن و پابەندکردنی تاکەکان بە یاساو سیستمەکانی ڕێکخراوەکەوە[1].

بەپێی تێڕوانینی ئیتزیۆنی دەرامەتە مرۆییەکان گرنگییەکی زۆریان هەیەو دەکرێت لە چوارچێوەی ڕێکخراو و سیستمەکاندا بەیاسا ئەرك و مافەکانیان دیاری بکرێت ئەویش دابەشکردنی ئەرکەکان بەپێی پسپۆڕی و دروستکردنی ناوەندی بڕیاردان و ئاڵوگۆڕی فەرمانبەران بەپێی یاسا.هەموو ئەمانە بنەمای کاری ڕێکخراوەیی و دامەزراوەیین و یاسای تایبەت لەو بوارەدا کارەکان ڕێکدەکات.ئەوەی زۆر گرنگە لە تیۆرەکەیدا ئاماژەدانە بە یاساکانی پاداشت و سزا چونکە بەپێی ئەم تیۆرە کاتێك گەندەڵی پیشەیی دروست دەبێت ئەگەر سزاو پاداشت لەکات و جێگەی خۆیدا جێبەجێ نەکرێت،لەبەرئەوەی فەرمانبەری گەندەڵ ناترسێت لە سزای یاساکان و فەرمانبەری دڵسۆزیش سارد دەبێتەوە لە ئەرکەکانی.لەلایەکی ترەوە توێژینەوەکەمان سوود لەم تیۆرە وەردەگرێت لەوەدا کە پەیوەندی هەیە بە جۆرەکانی کۆنترۆڵەوە چونکە هەروەك باسی کردووە هەرسێ جۆری کۆنترۆڵەکە ئەگەری جێبەجێکردنیان هەیە لەکاتی بوونی سەرپێچی یاساییدا لەلایەن فەرمانبەرەوە بۆ نموونە کۆنترۆڵی جەستەیی کاتێك دەبێت کە فەرمانبەر هەڵسێت بە دزینی کەلوپەلی حکومی و بۆ خۆی بەکاری بهێنێت،هەروەها کۆنترۆڵی دارایی کاتێك دەبێت ئەگەر فەرمانبەر زیانی گەیاند بە شوێنی کارەکەی ئەویش بە بڕینی بڕێك لە موچەکەی،جۆری سێیەمیش کۆنترۆڵی هێمایی کاتێك دەبێت کە ناوبانگی فەرمانبەر لەکەدار دەکرێت و هێمای نەرێنی لەلایەن خاوەنکارەوە ئاراستەی دەکرێت بۆ ئەوەی تەواو پابەندی بکات بە کارەکەوە.هەموو ئەم خاڵانەی تیۆرەکە باسی کردون ئاماژەن بۆ کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی پیشەیی.

---

2. معن خليل عمر، نقد الفكر الاجتماعي المعاصر،سەرچاوەی پێشوو،لا٣٠١.

1. معن خليل عمر، نقد الفكر الاجتماعي المعاصر،سەرچاوەی پێشوو،لا٢٦٩.



JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**دووەم/تیۆری کارلێکی هێمایی Theory of Symbolic Interaction**

تیۆری کارلێکی هێمایی لە سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت ئەویش لەسەر دەستی جۆرج هێربەرت مید George Herbert Mead (١٨٦٣-١٩٣١) ،ئەمەیەکێکە لەو تیۆرە سەرەکییانەی کە تیۆری کۆمەڵایەتی لە شیکاری سیستمە کۆمەڵایەتییەکاندا پشتی پێدەبەستێت،سەرەتا بە شیکاری یەکە بچوکەکان دەست پێدەکات دواتر دەڕوات بۆ شیکاری یەکە گەورەکان،واتە سەرەتا بە تاکەکان و رەفتارەکانیان دەستپێدەکات وەك دەروازەیەك بۆ تێگەیشتنی سیستمی کۆمەڵایەتی،ئەم تیۆرە وایدەبینێت ژیانی کۆمەڵایەتی بەرهەمی کارلێکی نێوان مرۆڤەکانە لەگەڵ یەکتردا،یاخود بەرهەمی کارلێکی نێوان دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانە لە کۆمەڵگادا.تێڕوانینی ئەم تیۆرە بۆ ڕۆڵەکانی مرۆڤ لەئاست یەکتردا لەمیانەی ئەو ماناو هێمایانەوەیە کە دەگونجێ ئەرێنی یاخود نەرێنی بن[1].

کەسێتی مرۆیی هەروەك (مید)دەیبینێت تەنها لە یەك خود پێك نایەت بەڵکو ژمارەکەی بەژمارەی ئەو کەسانە زیاد دەکات کە تاك پەیوەندی پێیانەوە هەیە،بەڵام ئەمە پێچەوانەی ئەو تێڕوانینە نییە بۆ کەسێتی لە بارودۆخە ئاساییەکاندا وەك خودێکی یەکترتەواوکەر و یەکگرتوو لەناو ئەو کۆمەڵەی کە تاك ئینتیمای بۆ دەکات،شیکاری مید بۆ خود خۆی لە سێ هەنگاوی سەرەکیدا دەبینێتەوە ئەوانیش:یەکەم ئەو شتەی لەلایەن خودەوە هەستی پێدەکرێت لە بارودۆخێکی مێژوویی دیاریکراودا،دووەم پرۆسەی کۆنترۆڵکردن بەسەر خوددا،سێیەم کەسێتی تاك[2].

ئەم تیۆرە ئاماژەیە بۆ یەکێك لە ناسراوترین تیۆرەکانی کردە،کارلێکی هێمایی ڕێگەی گوزارشتکردنە یاخود پێناسەی هەڵوێستە لەمیانەی تێڕوانینی تێبینیکارەوە.کارلێك ئەو دیدەیە کە بەشێوەیەکی ڕوون ئاماژە بۆ ئەو چالاکییە مرۆییانە دەکات کە توخمەکانی بە پێویست دادەنرێت لەپێناو تێگەیشتن لە ژیانی کۆمەڵایەتی،بەپێی بۆچوونی کارلێکی هێمایی ژیانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کارلێکی مرۆیی لەڕێگەی بەکارهێنانی هێماو ئاماژەکانەوە، بۆیە گرنگی بە دوو خاڵ دەدات ئەوانیش:

١- ئەو ڕێگەیەی مرۆڤ هێماکان بەکاردەهێنێت بۆ پەیوەندیکردنی هەرتاکێك بەئەوانی ترەوە.

٢- لێکدانەوەی ئەنجامەکانی ئەم هێمایانە لەسەر رەفتاری تایبەت بە گروپەکان ئەویش لەمیانەی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا[3].

ئەم تیۆرە بایەخێکی زۆر دەدات بەوەی مرۆڤ خودی خۆی بناسێت و پێگەو ڕۆڵی لە کۆمەڵگادا بزانێت ئەویش لەڕێگەی ئەو هێمایانەی کە رۆژانە بەکاریان دەهێنێت و ژیانی ڕێکدەخات و ڕۆڵی چاودێر دەبینێت بەسەر کردەوەکانیەوە،گەندەڵی پیشەیی رەفتارێکی نەرێنیە لە کۆمەڵگادا لەهەمانکاتدا سزای یاسایی لەبەرامبەردا هەیە کەواتە پیادەکردنی دیاردەکە لەلایەن هەندێك لە تاکەکانەوە نیشانەی لاوازییانە لە تێگەیشتن لە هێما کۆمەڵایەتییەکان و نەترسانیانە لەو سزا کۆمەڵایەتی و یاساییانەی لە بەرامبەر ئەو کردانەدا هەیە،توێژینەوەکەمان پەیوەندییەکی زۆری هەیە بەم تیۆرەوە چونکە گەندەڵی پیشەیی لادانە لە سیمبولەکانی کۆمەڵگا،هەروەها سەرپێچییە لەو نۆرمانەی کە کۆی گشتی کۆمەڵگا دروستی دەکات.

---

1 Richard T.schaefer,Sociology,McGraw-Hill,ninth edition,2005,NewYork,p17.

2 قيس النوري و عبدالمنعم الحسني،النظريات الاجتماعية،وزارة التعليم العالي والبحث العلمي،جامعة بغداد،١٩٨٥،ص٢٥٩.

3 فيليب جونز،النظريات الاجتماعية والممارسة البحثية،ت:محمد ياسر الخواجة،مصر العربية للنشر والتوزيع،الطبعة الاولى،٢٠١٠،القاهرة،ص١٥٣.

هێربەرت بلومەر Herbert Blumer (١٩٠٠-١٩٨٧) زاراوەی کارلێکی هێمایی داهێناوەو بوارە سەرەکییەکانی بەمشێوەیە دیاریکردوە:

١- مرۆڤ لەئاست شتەکاندا لەسەر بنەمای ئەو واتایە هەڵسوکەوت دەکات کە واتا دەبەخشێتە ئەو شتانە.

٢- واتای ئەو شتانە لەو کارلێکە کۆمەڵایەتییەوە درێژبوەتەوە کە لە کۆمەڵگاوە دروست بووە.

٣- هەڵسوکەوت و گۆڕانکاری لەگەڵ ئەو واتایانەدا لەمیانەی پرۆسەی لێکدانەوەوە دەبێت کە کەسەکە لە مامەڵەیدا لەگەڵ ئەو شتانەدا بەکاری دەهێنێت کە پێیدەگات[1].

**سێیەم/ تیۆری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی Social Role Think**

ئەم تیۆرە پشت دەبەستێت بە چەمکی پێشبینییە پەیوەندیدارەکان بە ناوەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەناو بونیادی کۆمەڵایەتیدا.بۆ هەر ناوەندێك لەو ناوەندانە جۆری جیاواز لە پێشبینییەکان هەن کە هەڵسوکەوتی تاکەکان دیاری دەکەن کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیەو تۆڕێکی فراوان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەناو کۆمەڵگادا دروست دەکەن[2].

تێڕوانینی ئەم تیۆرە بۆ تاکەکەس ئەوەیە کە پێگەیەك یاخود چەندین پێگەی کۆمەڵایەتی جیاواز لەناو بونیادی کۆمەڵایەتیدا بەدەست دەهێنێت و ڕۆڵی ئەو پێگانە دەگێڕێت.ئەمە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی کاردەکات بۆ پەیوەستکردنی تاك بە بونیادی گشتییەوە.بەڵام هێزی پەیوەستکردنی ئەو پەیوەندییە پشت بە مەودای لێکچواندنی ڕەفتاری تاکەکەس دەبەستێت لەگەڵ پێشبینی و وابەستەبونەکانی ئەو ڕۆڵەی کە دەیگێڕێت[3].

لەلایەکی ترەوە چۆنیەتی لێهاتوویی یان پیادەی پێشبینی ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانەی لەلایەن تاکەوە پێشکەش دەکرێت پشت بە دوو هۆکاری سەرەکی دەبەستێت ئەوانیش:

١- ئەو خەسڵەتە کەسییانەی تاك پێی دەناسرێتەوە کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بەڕێوەدەبات.

٢- توانای تاك لە پیادەکردنی پێشبینییەکانی ئەو ڕۆڵەدا سەرباری ئەمەش ئەم دوو هۆکارە دەوەستنە سەر ئەو بارودۆخە ناوخۆییانەی تاك پێی دەناسرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بەمشێوەیە پیادەی پێشبینییەکان بکات:

أ- ئاستی دانوستانی ئەو پێشبینیانە لە دروستبونی پێداویستییەکانی تاکدا.

ب- جۆری ئەو پاداشت و سزایانەی تاك لە ئەنجامدانی ڕۆڵە پێشبینیکراوەکاندا وەریدەگرێت.

ج- مەودای بەکارهێنانی ئەوانیتر وەك بنەمایەك بۆ پێوانەکردنی دەرونی مرۆیی و خودی تاکەکەس.

د- ئاستی بەکارهێنانی پێشبینییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕۆڵەکان لە لێکدانەوەی کاردانەوەی ئەوانیتردا[4].

ئەم تیۆرە باس لەو پێشبینییانە دەکات کە لەئاست ڕۆڵە جیاوازەکاندا هەیە وەك ئامادەبوون لە شوێنی کار لەکاتی خۆیداو گەڕانەوە لەکاتی خۆیدا،جێنەهێشتنی شوێنی کار،سەرقاڵ نەبوون لەگەڵ فەرمانبەرانی تر لە ژورو کافتریاو شوێنەکانی تری فەرمانگە،سەرقاڵ نەبوون بە مۆبایل و یاری ئەلیکترۆنی و قسەکردن بە تەلەفۆن لەگەڵ ئەوانی تردا.گەندەڵی پیشەیی ئەنجامی لادانە لەو ڕۆڵانەی کە تاکەکان پێی هەڵناسن و لێرەوە هەڵسوکەوتی تاکەکان بەپێی پێشبینییەکانی ڕۆڵ ناتوانرێت دیاری بکرێت چونکە کەسەکان ڕۆڵی خۆیان نابینن و شێواوی دروست دەبێت

---

1 Openstax college,Introduction to Sociology,Rice Uinversity,2013,p21
2 Kathy S.Stolley,The Basics of Sociology,Greenwood Press ,2005,United States of America,p45.
3 Steve Bruce,Sociology,A very Short Introduction,Oxford University Press,1999,United States,p38.
4 معن خلیل عمر، نقد الفكر الاجتماعي المعاصر،سەرچاوەی پێشوو،ل٢٤٢ .

چونکە ڕۆڵی پێگەی خۆی ناگێڕێت،لەکاتێکدا ئەگەر تاك ڕەفتارەکانی پێچەوانەی پێگەکەی بن ئەوا ناتوانێت ڕۆڵی ئاسـایی خۆی ببینێت و لەئاسـتی پێشـبینییەکاندا نابێت.بەپێی ئەم تیۆرە فەرمانبەری شـیاو دەبێت لەشـوێنی شـیاو دابمەزرێت بۆ ئەوەی سـەرکەوتوبێت لە نواندنی ڕۆڵی پێگەکەیدا ئەویش بەوە دەبێت کە خەسڵەتی کەسیی تێدابێت بۆ ئەو ڕۆڵە هەروەها ڕەچاوکردنی بنەمای سزاو پاداشت لەبەرامبەر نواندنی ڕۆڵەکاندا بایەخێکی تری ئەم تیۆرەیە کە دەکرێت لە توێژینەوەکەماندا سـودی لێ وەربگرین لە پەیوەندیدا بەو هۆکارانەی گەندەڵی پیشـەیی دروسـت دەکەن و وادەکەن فەرمانبەر لای ئاســایی بێت لە ئەرکەکانی لابدات بێ ئەوەی ســڵ لە ســزا کارگێڕییەکان بکاتەوە ئیتر بەهەر هۆکارێك بێت.

ڕالف تێرنەر(Ralph H.Turner) (١٨٨٨-١٩٨٣)پێیوایە لەهەموو کات و بارودۆخێکدا هاوشــێوەیی بەشــێوەیەکی تەواو بەدەســت نایەت بەڵکو نەبوونی تەواوکاری تەواو بەدەســت دێت ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارانە:خراپ هەڵبژاردنی تاك بۆ ڕۆڵ (وەك نموونەیەك) بۆ لێکچواندن،نەتوانینی تاك لە هاوشێوەبونیدا لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی دەیگێڕێت کە ئەمەش یارمەتی نادات لە تەواوکاری پێشـبینییەکان سـەبارەت بەو ڕۆڵە،هەسـتنەکردنی تەواوەتی لەلایەن تاکەوە بە هەڵسەنگاندنی ئەو کەسانەی لە دەوروبەریدان کاتێك پیادەی ڕۆڵەکە دەکات[1] .

کەواتە بەپێی بۆچوونی تێرنەر دەردەکەوێت گەندەڵی پیشـــەیی هۆکارەکانی بریتییە لە ســـپاردنی ڕۆڵەکان بە کەسانێك کە لەئاست لێپرسراوێتی ئەو ڕۆڵەدا نین،چونکە پسپۆڕی و شارەزاییان سەبارەت بەو ئەرکە نییەو شیاونین بۆی،بەریەککەوتنی پێگەو ڕۆڵی فەرمانبەر لەئاکامدا گەندەڵی بەرپا دەکات چونکە ئەم دوو پرۆســـەیە ناتوانن تەواوکاری یەکتربن هێندەی دژی یەك دەبن بۆیە ئەرکی فەرمانبەرێتی پێویسـتی بەوە هەیە بە کەسـانێکی شـارەزاو لێهاتوو دڵسـۆز بسـپێردرێت کە تەواوی مەرجەکانی وەرگرتنی ئەو پێگەیەی تێدابێت بۆ ئەوەی لە دواجاردا لەئاسـت پێشـبینییەکانی تاکەکانی کۆمەڵدا سـەرکەوتوبێت،بەپێچەوانەوە دەبینین زۆریی ژمارەی فەرمانبەران لە ناوەندەکانی کاردا هێندەی لەڕووی چەندێتییەوە بارگرانی بۆ حکومەت دروســـت کردوە هێندە لەڕووی جۆرێتییەوە ســـوودی نەگەیاندووە.

1 Jonathan H.turner,handbook of Sociological theory,Springer Science and buisness media,United States of America,2006,p233-234.

**ئەنجام:**

لەئەنجامی توێژینەوەکەوە دەرکەوت هەریەك لەو تیۆرە سۆسیۆلۆجییانە لە دیدگای تایبەتی خۆیانەوە دەڕواننە پێگەو ڕۆڵەکان و نواندنی رەفتار لای تاکەکان کە دواجار دەکرێت لەمیانەی ئەم تیۆرانەوە لەوە تێبگەین کە گەندەڵی پیشەیی وەك ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی لەناو تاکەکانی کۆمەڵدا دروست دەبێت و بەرئەنجامی ناڕێکی نواندنی ڕۆڵ و بەڕێوەبردنی پێگەکانە لەلایەن ئەو تاکانەی لە پێگەی لێپرسراوێتیدان و لەو یاساو ڕێنماییانە لادەدەن کە بۆ کارکردن دیاریکراون،کەواتە لادان لە سیستەمی کارکردن مانای لادانە لە ئەرکی ئەو پێگانەی کە بۆ تاکەکان دیاریکراون.

هەروەك دەرکەوت قوتابخانەی بونیادی ئەرکی چەمکی ئەرك شێوانی بەکارهێناوە کە دەکرێ بەمانای گەندەڵی پیشەیی شیکاری بکەین چونکە سیستەم لە کۆمەڵێك ئەرك و ڕۆڵ پێکدێت لەکاتێکدا گرفت لەبەردەم ئەرکەکانیدا دروست دەبێت مانای وایە ئەرکەکانی تووشی شێوان بوون و ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر تەواوی ئەو یەکانەی کە سیستەمەکەیان لێ پێکهاتووە،بۆیە دەکرێ گەندەڵی پیشەییش بەهەمان شێوە شیکار بکرێت کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو توشی سیستەمەکانی کۆمەڵگا دەبێت،هۆکارەکەی سەرپێچیکردنە لە ئەرکەکان و لادانە لە یاساکانی ئەو سیستەمە هەربۆیە زیان لە بونیادی سیستمەکە دەدات و ناهێڵێت گەشە بکات و ڕووبەڕووی مەترسی دەکاتەوە.

لەلایەکی ترەوە تیۆری کارلێکی هێمایی گرنگییەکی زۆریداوە بە ناسینی خود و چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ هێما جۆراوجۆرەکانی دەوروبەردا کە وەك کۆنترۆڵێك ئاماژەی بۆ کردووە لە ڕێکخستن و چاودێریکردن بەسەر ڕەفتاری تاکەکانەوە بۆیە دەکرێت بیبەستینەوە بە دیاردەی گەندەڵی پیشەییەوە چونکە تیۆرەکە جەخت لە گرنگی و ڕۆڵی هێماکان دەکات لە ئاراستەکردنی رەفتاری تاکەکاندا،نەبوونی کاریگەری هێما کۆمەڵایەتییەکان کەلێنێك دروست دەکات بۆ تاکەکان و بەهۆیەوە رەفتاری نادروست و گەندەڵ پیادە دەکەن.

لەگەڵ ئەمەشدا بۆمان دەرکەوت تیۆری رۆڵی کۆمەڵایەتی گرنگی بەو رۆڵانە دەدات کە تاکەکان لە ناوەندە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا پیادەی دەکەن ئەویش بەپێی ئەو پێگانەی بەدەستیان هێناوە،لێرەدا پێگەی پیشەیی گرنگییەکی زۆری هەیە لە توێژینەوەکەدا چونکە گەندەڵی پیشەیی لە سنوری پێگەی کارکردن و ئەو رۆڵانەدا دروست دەبێت کە فەرمانبەران بە ناڕێکی و نادروست پیادەی دەکەن بۆیە تیۆرەکە بایەخێکی زۆریداوە بە پێگەو رۆڵ لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**سەرچاوەکان**

١- أحمد القصير،منهجية علم الاجتماع بين الماركسية والوظيفية والبنيوية،الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٧٨.

٢- أحمد زايد،علم الاجتماع النظريات الكلاسيكية والنقدية،نهضة مصر،الطبعة الثانية،القاهرة،٢٠٠٩.

٣- اعتماد محمد علام،دراسات في علم الاجتماع التنظيمي،مكتبة الانجلو المصرية،الطبعة الاولى،القاهرة،١٩٩٤.

٤- بوتومور،علم الاجتماع منظور اجتماعي نقدي،دار المعرفة الجامعية،الاسكندرية،١٩٨٥.

٥- خضر زكريا،نظريات سوسيولوجية،الاهالي للطباعة والنشر والتوزيع،الطبعة الاولى،دمشق،١٩٩٨.

٦- شحاتة صيام،النظرية الاجتماعية من المرحلة الكلاسيكية الى مابعد الحداثة،مصر العربية للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، القاهرة،٢٠٠٩.

٧- صلاح مصطفى الفوال،معالم الفكر السوسيولوجي المعاصر،دار الفكر العربي،القاهرة١٩٨٢.

٨- طلعت ابراهيم لطفي،علم اجتماع التنظيم،دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع،القاهرة٢٠٠٧.

٩- عبدالله أحمد المصراتي،الفساد الاداري:نحو نظرية في علم الاجتماع الجريمة والانحراف الاجتماعي،المكتب العربي الحديث، الاسكندرية،٢٠١١.

١٠- عبدالله شلبي،علم الاجتماع الاتجاهات النظرية وأساليب البحث،دار الشمس،القاهرة٢٠٠٨.

١١- عبدالله محمد عبدالرحمن،النظرية في علم الاجتماع،دار المعرفة الجامعية،القاهرة٢٠٠٦.

١٢- عبدالله محمد عبدالرحمن،علم الاجتماع الصناعي،دار النهضة العربية،بيروت١٩٩٩.

١٣- عبود عبدالله العسكري،منهجية البحث العلمي في العلوم الانسانية،دار النمير،الطبعة الثانية،دمشق،٢٠٠٤.

١٤- ف.ج رايت،مبادىء علم الاجتماع،دار الحداثة،القاهرة،١٩٩٦.

١٥- فهمي سليم الغزوي،المدخل الى علم الاجتماع، دار الشروق،الطبعة الاولى،عمان،١٩٩٧.

١٦- فيليب جونز،النظريات الاجتماعية والممارسة البحثية،ت:محمد ياسر الخواجة،مصر العربية للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، القاهرة،٢٠١٠ .

١٧- قيس النوري و عبدالمنعم الحسني،النظريات الاجتماعية،وزارة التعليم العالي والبحث العلمي،جامعة بغداد، ١٩٨٥.

١٨- محمد علي محمد،علم اجتماع التنظيم،دارالكتب الجامعية،القاهرة،١٩٧٢.

١٩- معن خليل عمر،نقد الفكر الاجتماعي المعاصر،دار الآفاق الجديدة،بيروت،١٩٨٢.

٢٠- نيقولا تيماشيف،نظرية علم الاجتماع طبيعتها وتطورها،دار المعارف،القاهرة،١٩٨٠.

21- Jonathan H.turner,handbook of Sociological theory,Springer Science and buisness media,United States of America,2006.

22-Kathy S.Stolley,The Basics of Sociology,Greenwood Press,United States of America,2005.

23-Openstax college,Introduction to Sociology,Rice Uinversity,2013.

24- Richard T.schaefer, Sociology, McGraw-Hill,ninth edition,NewYork, 2005.

25- Steve Bruce,Sociology A very Short Introduction,Oxford University Press,United States,1999.

26-Talcott parsons, The Social System,routledge sociology classics,London,1951.